سەرۆک وەزیران جەخت لەسەر تەواوکردنی پرۆژە خزمەتگوزارییە دواکەوتووەکان دەکاتەوە لە نەجەف

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، ئەمڕۆ پێنجشەممە لە بینای پارێزگای نەجەف کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ بەڕێوبەران و بەرپرسانی فەرمانگە و پێکهاتە خزمەتگوزارییەکان ئەنجامدا، کە تیایدا دەخی خزمەتگوزارییەکانیان لە پارێزگاکە خستەڕوو و تیشکیان خستە سەر ئەو کێشە و بەربەستانەی کە ڕووبەڕووی جێبەجێکردنی پرۆژە خزمەتگوزارییەکان دەبنەوە.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران باویکردەوە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران جەختی کردەوە لەسەر ئەوەی کە حکومەت چاوی خستەتە سەر مافەکانی هاوڵاتیان لە کاتی ئامادەکردنی بەرنامەی حکومەتدا و خزمەتگوزارییە بنەڕەتییە پێویستەکانی کردووەتە یەکێک لە گرنگترین ئەولەویەتەکانی، بەتایبەتی ئەو پرۆژانەی ژێرخان کە دواکەوتوون و وەستاوون لە کەرتەکانی تەندروستی و پەروەردە و کەرتەکانی دیکە، بەهۆی بارودۆخی جەنگ و تیرۆر و دەخی ناسەقامگیرییەوە.

بەڕێزیان ڕوونیکردەوە کە فشار هەیە لەسەر خزمەتگوزارییەکان و ژێرخان لە هەموو کەرتەکانی پارێزگاکە لەبەر چەند هۆکارێک، کە گرنگترینیان هاتنی زیارەتکارانە بە نەجەف.

ئەمانەی خوارەوە دیارترین ئەو بابەتانەیە کە بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لە کۆبوونەوەکە ئاماژەی پێکرد:

? پەداچوونەوە بە خزمەتگوزارییەکان دەکەین و دەست بە پرۆژە دواکەوتووەکان دەکەین ، هەندێکیان دەگەڕێنەوە بە ساڵی 2008، وەک پرۆژەی وەستگەی چارەسەر.

? مانەوەی پرۆژەکانی بەدواکەوتووی دەبەتە هۆی لێناوچوون و گرانی نرخەکان و بارگرانی لەسەر دەوڵەت دروست دەکات.

? حکومەتی فیدراڵی و حکومەتە خۆجێیەکان یەک تیم پێکدەهێنن.

? دەنگدەرانی حکومەتە خۆجێیەکان چاوەڕێی ئەنجامی بەشداریکردنیان لە هەڵبژاردنەکان دەکەن.

? ئامانجی سەردانەکەمان دانانی چارەسەرە بە کێشەکان و نامانەوێت دوای یەک یا دوو مانگی تر هەمان بیانوو دووبارە ببنەوە.

? بەدواداچوون بە بچووکترین وردەکارییەکان دەکەین و چارەسەریان بە دەدەزینەوە، و تەرخانکردنی دارایییمان هەیە، بەڵام پابەندین بە بودجە و تەرخانکردن و توانای خەرجکردنی ئەم تەرخانکردنانەوە.

? ڕەگە نادەین پرۆژەکان لە هیچ پارێزگایەک بوەستن و تەواوکردنی پرۆژەکان دەخێ ئابووری و کەمایەتی پارێزگاکە دەگەڕێت.

? سەردانیکەرانی شارە کۆنەکە لە هەموو جیهانەوە دێن و ئاستی خزمەتگوزارییەکانی پارێزگاکە لەچوارچێوەی ئەوەی لەم ناوچەیەی شارەکەدا هەیە پێوانە دەکرێت.

? وەبەرهێنان لە پارێزگای نەجەف گرنگە بە پەرەپێدانی شارە پیشەسازییەکان و تەواوکردنی لە ڕووی جەراوجەرەوە.

? داوا لە بازرگانان دەکەین وەبەرهێنان لەچوارچێوەی گەرەنتی سەروەری بکەن بە دامەزراندنی پرۆژەی کشتوکاڵی و پیشەسازی.

? ئاماژەکانی وەرزی کشتوکاڵی جەخت لەسەر گەشەی بەرهەمهێنان دەکەنەوە و 5 ترلیۆن دینار تەرخانکراوە بە دابینکردنی پارەی جوتیاران و عێراق بەوەیە بە بەدەستهێنانی خەبژەوی لە بەرهەمە سەرەتاییەکان.